ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی — مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

No: ١٠ :ژمارە

Data: ٢٠١٥/٤/٧ :ڕۆژ

# بڕیاری ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی حەوتەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٧دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بەئامادەبونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٨) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی هەموو ئەندامانی ئامادەبوو، بڕیاریدا بە:

١. لەڕێی سەندیکای کرێکارانی کوردستان/ لقی سلێمانییەوە، سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی پێنجوێن لە زووترین کاتدا لابرێت.

٢. لەدەرەوەی یاسا ڕێنماییەکان و بەبێ (وصل قبض)ی ڕەسمیی، هیچ کەس و لایەن و سەندیکایەک بۆی نییە پارەو باج و ڕسومات لە کەس وەربگرێت.

٣. دۆسیەی تایبەت بە سەرپێچییەکانی مەرزی باشماخ ڕەوانەی دەستەی داواکاری گشتیی دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوەو پێویستە هەر کەس و لایەنێک سەرپێچییان کردبێت سزای یاسایی بدرێن.

٤. داوا لە وەزارەتی دارایی بکرێت ڕێنمایی نوێ دەربکات و مەرزو خاڵە سنورییەکان ڕێکبخاتەوە.

٥. ئەنجومەنی پارێزگا چاودێری وردیی ئەم کەیسە دەکات تا دەگاتە ئەنجامێکی یاساییانەی شیاوانە کە لە بەرژەوەندیی گشتیی و سەروەریی یاسادا بێت.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیك پردی قلیاسان

email:aparezgas@yahoo.com

Tel : 0533181083

P.O : 27 Bord :0176